## نەخش و نیگاری جلی کوردی



لەســـتایلی جلوبەرگدا، چەندین هۆکار و ڕێگە هەن کە کاردەکاتە سەر جوانکردنی ئەو جلە، بەتایبەت چەند لایەنێك هەن کە شـــێوەیەکی بەرچاو و دیاریان پێوە دیارە وەك: ڕەنگی قوماشەکە – جۆری جلەکە – نەخش و دیزان لەســـەر جلەکە – چۆنیەتی دوورین و ئامادەکردنی جلەکە. یەکێك لە کاریگەرترین لایەنەکان بریتییە لەنەخش لەســـەر جلوبەرگ، بوونی نەخش لەســـەر هەر جلێك ڕێگەیەکە بۆ نیشـــاندانی دیمەنێك لەجوانی بەجۆرێك بەڕێگەیەکی شـــیاو ئامادە و گونجاودار بێ، مەبەســـت لەوەش چۆنیەتی و شێوەی نەخشە کاتێك لەســـەر هەر جلێك دەبێ. جلی کوردیش یەکێکە لەو جلانەی کە بەنەخش و ســـتایلەوە ڕازاوەتر و جوانتر دەبێ، تەنانەت بەهۆی ئەوەی جلی کوردی شـــوێنێکی زۆری هەیە لەبۆشایی جلەکەدا، بۆیە دانانی نەخش ڕێگەیەکە بۆ شـــاردنەوەی ئەو بۆشاییە و لەگەڵ ئەوەشدا مۆدەیەکە لەجوانی. دەتوانین ڕێژەیەکی زۆر لەنەخش لەسەر جلی کوردی ئامادە بکەین، ئەمەش کاتێك چەندین نەخش و نیگاری جوان هەن، کە دەکرێ بەســـانایی لەسەر جلەکانەوە دابنرێن و ببن بەشێك لەجوانی جلەکە، گرنگ ئەوەیە ڕەنگی نەخش و ستایلەکەی لەگەڵ ڕەنگی جلەکە جیاواز بێ، ئەمەش بەمەبەســـتی زیاتر دەرخستنی، چونکە ئەگەر نەخشەکە لەشێوە و ڕەنگی جلەکەوە بێ، ئەوکاتە جوانی خۆی لەدەست دەدات، لەمۆدەکانی ئێستادا نەخشی تیرە یان شێوەی بازنەیی مۆدەیە بۆ سەر جلی کوردی.





## ستایلی پانتۆڵ و کراس

هەر وەرزێك بەپێی جوانی و گرنگی و کەشـــی خۆیەوە مامەڵەی لەگەڵـــدا دەکـــرێ بۆ بەدیهێنـــان و ئامادەکردنـــی جلوبەرگی ئەو سەردەمە، بەتایبەت لەگەڵ گۆڕین و هاتنەوەی وەرزەکان، مۆدە و ستایلی دیکە دەبنە ئامانج و بەم جۆرەش خانمان دەتوانن سوود لەو گۆڕانکارییانە ببینن لەبواری مۆدە، کە ئەوەش ڕێگەیەکی سەرەکییە لەجوانی و دابینکردنی شێوازێکی تازە لەمۆدە و لایەنەکانی جوانی بواری جوانکارییەوە. لەم وەرزەدا چەندین جلی تازە و جوان دەرکەوتن، بەڵام دەکرێ یەکێك لەپێشـــەنگ دابنـــرێ و ببێتە هێمایەکی بەنرخ بۆ مۆدەکانی دیکە. لەگەڵ بوونی تەنوورە وەك مۆدەیەکی ســـەرەکی بـــۆ ئەو وەرزە، هەروەها دەتوانین ســـوود لەپانتۆڵەکانیش وەربگرین کە مۆدەی دووەم بن، جۆری پانتۆڵیش لەچەندین بەش پێکدێ، بەتایبەت پانتۆڵی قوماش و بەشـــی دووەمیش جینزە، هەر یەکە لەو دوو جۆرە ئاراستەی جوانی خۆیان هەیە، بەڵام زیاتر لەگەڵ کەشی گەرمای وەرزی هاوین، دەکرێ سوود لەمۆدەکانی پانتۆڵی قوماش وەربگرین، کە لەدوو لایەنەوە سوودی خۆی دەردەخات، یەکێکیان کە مۆدەیەکی نەرم و ناســـکی هەیە و لەگەڵ گشـــت جۆرە بەشەکانی دیکەی جلوبەرگدا دەگونجێ، هەروەها سوودی دووەمیشی دوور کەوتنەوەیە لەگەرمی و ســـووتاندنی پێســـت بەهۆی بەرزی پلەی گەرماوە، زیاتریش لەپانتۆڵدا، ڕەنگی سپی لەگەڵ کراسی درێژ مۆدەیەکی گونجاو و ڕازاوەیە.

# ڕەنگە کاڵەکان بۆ جوانی لێو

جوانی لێو یەکێکە لەمۆدە پایە بەرزەکان، کە بەگوێرەی شـێوازی تازە و نزیکەوە کار دەکاتە سەر ئامادەکاری بۆ دەرخستنی ئەوپەڕی سەرنجڕاکێشی لە لێو و دیمەنێکی ڕازاوەی ڕەنگ و شێوە و هێڵکاری لەجوانی لێوی خانمانەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجی بەردەوامە لەجوانی خانماندا، لێو و چاوەکانە، کە دوو بەشی گرنگی جوانی ڕووخسـارن و لەهەمان کاتیشـدا یەکێکن لەدوو گرنگترین کارەکانی گرنگی دان و جوانکاری بۆیان، کە هەر یەکە بەشێوە و ستایلێکی خۆیەوە دەردەکەوێ، هەرچی چاوەکانە بەماکیاژێکی ڕەوا و ناسکەوە دەبێ، سەبارەت بەلێویش بەڕەنگێکی کاڵ و ناسـکەوە، جێگەی بایەخی گشت لایەنەکانی جوانکاری و مۆدەوە دەبێ، دەتوانین لەڕێگەی ڕەنگی کاڵەوە، گەورەترین جوانی بەلێو ببەخشـین، کە مۆدەکانی ئەو وەرزە پێکدێ لەڕەنگە کاڵەکان وەك: قاوەیی و پەمەیی و سـووری کراوە، هەر یەکە لەو سـێ ڕەنگەوە، مانای هێمنی و ناسـکی دەبەخشن، لەوەرزی گەرمادا بۆ بۆیەکردن و ڕەنگکردنی لێو، ئەوەندە پێویستیمان بەهێلکارییەکی تۆخ نابێ، چاکترە ئەگەر هێلکاری لێو بەشـێوەیەکی زۆر سـادە ئەنجام بدەین، کە ئەویش وادەکات تێکەڵی نێوان ڕەنگی لێو و ڕەنگی پێست دروست بکات و بەو شێوەیە لێو نیشان بدات کە بەبچووکی و گونجاوەوە دەربکەوێ، دیمەنی لەم جۆرە لێو سەرنجڕاکێش و جوان و ڕازاوە دەکات.









# سیسەمی شێوە بازنەیی بۆ ژووری نووستن

کەلوپەل و کەرەسـتەکانی ماڵ، بەشـێکن لەجوانی و دیکۆر، کە دەتوانن هاوشانی جوانی بەشەکانی دیکۆری ماڵ بن، ئەوانیش شێوە و هێمای جوانی خۆیان دەنوێنن، گرنگە بزانیت چ کەرەستە و کەلوپەلێك لەگەڵ دیکۆری ماڵەکەت گونجاو دەبێ، کە شـێوەیەك بێ شـیاوی ئامادەکاری و نواندنی جوانییەکی نەرم بێ. هەر دیکۆرێك پێویسـتی بەچەندین جۆرە کەرەستە و دیمەنی تایبەت هەیە، لەوانەش دەتوانین ئەو جۆرە کەلوپەلە هەڵبژێرین کە شـیاوی جوانی دیکۆری ماڵ بێ. ژووری نووستنیش یەکێکە لەو بەشە گرنگەی کە لەدیکۆری ماڵدا جێگەی بایـەخ و گرنگییەکی ئەوتـۆی پێدەدرێ لەبواری جوانکاری و دیکۆر، تەنانەت ئەو کەرەسـتە و کەلوپەلانەی جێگەی شیاو دەبێ کاتێك لەو ژوورەوە دادەنرێ، بەجۆرێك دەبێ کە لەگەڵ نشونمای ژوورەکە بگونجێ، هەروەها گوزارشـت لەدیمەنێکی جوان بکات. یەکێك لەگرنگترین بەشەکانی ژووری نووستن بریتییە لەسیسەمی خەوتن، کە بەشـێکی تایبەتە و بەو کەرەستەیە ژووری نووسـتن زیاتر کراوەتر و جوانتر دەبێ، مۆدە تازەکانی سیسەمی ژووری نووسـتن بریتیە لەسیسـەمی شـێوە بازنەیی، کە دیمەنێکی یەکجار جوان و بەرچاوی هەیە، دیکۆری ژوورەکەش بەرەو مۆدیەکی مۆدێرن و تازە دەبات، لەگەڵ ئەوەشـدا شـوێنێکە نەرم و بەجۆش دەبێ بۆ خەوتن و حەسانەوە لەسەری.





# تەسریحە لەشێوەی گوڵ

تەسـریحەی قژ، تـا چەند جـوان و ڕازاوە بێ، ئەوەندە پێویسـتی بەمۆدەی دیکـە هەیە، چونکە چەند جوان بـێ، ئەوەندە کاریگەری خۆی دەنوێنێ و دەبێتە یەکێك لەو مۆدە سەرنجڕاکێشەکان. بەهۆی ئەوەی قژ ئاراستەی نەرمە دەتوانین چەندین مۆدە و تەسـریحەی جیاوازی لەسەر ئامادە بکەین، ئەمەش لەڕێگـەی هەڵبژاردنی ئەو جۆرە تەسـریحەی کە




مەبەستمانە و دەتوانین سوودی لێوە وەربگرین. هەر تەسریحەیەك یان سـتایلێکی قژ جێگەی جوانی و کارامەیی ئەو کەسە دەردەخات کە ئامادەی دەکات، هەندێك لەتەسریحەکان بەشـێوە و ڕێگەیەکی سادە ئەنجام دەدرێ، کەچـی جوانییەکی بێهاوتای هەیە و لەگەڵ هەر ڕووخسار و جلوبەرگێکدا دەگونجێ. یەکێك لەو تەسریحانەی کە بۆ خانمانمان هەڵبژاردووە، ئەویش تەسـریحەی شـێوە گوڵە لەپشتەوەی سەر. کە یەکێکە لەجوانترین و ناسـکترین تەسـریحەی قژ، دەتوانیـن لەماوەیەکی کورتـدا ئەنجام بدەین، لەگەڵ ئـەوەی دیمەنێکی بەرچـاو و کاریگەری هەیـە لەجوانی و مۆدەی تەسـریحەکان. لەو جۆرە تەسریحەیە، سەرەتا بەشی دواوەی قژ دەکرێ بەدوو تەڵی گەورە، لەتەنیشـت یەکتر دەبـن، دواتر هەر یەکەیان دەچەمێنرێتەوە وەك ئەوەی شێوەی لاتەریب بێ و یان زیاتر لەشـێوەی کەوان بێ، بەهەمان شێوە تەلەکەی دیکەش وا دەبێ، دواتر لەبەرامبەردا هەمان شـێوە دروسـت دەکەین و بەمەش هەر دوو تەل دەبن بەچوار شێوەی کەوان و بەرامبەر یەکتر دەبن و دەبێتە شێوەی گوڵ.

# ئەشکەوتی جاسنە

بەهــۆی پێگەی جوگرافی کوردســتان کە دەکەوێتــە ناوچە شــاخاوی و چیاییەکانەوە، ئەمەش سەرەتایەك دەبێ بۆ دەرکەوتن و دروست بوونی ئەشــکەوت و شوێنەواری کۆن لەناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا، ئەمەش وادەکات کە کوردســـتان دەوڵەمەند بێ بەو ئاسەوارە کۆن و دێرینانە، یەکێك لەســەیرترین ئەشکەوتەکانی کوردستان، بریتییە لەئەشکەوتی جاسنە.

ئەو ئەشــکەوتە دەکەوێتە ســەرووی چیای سورداشی هەڵکەوتوو لەقەزای هاوینەهەواری دۆکان بــەدووری (٥٠) کیلۆمەتــرەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی شاری ســلێمانی. ئەو ئەشکەوتە دەکەوێتە پشت گوندی کانی خان و لەلێواری چیایەکی گــەورە کەوتووە، ئەمەو لەســاڵی (١٩٢٣) هێزەکانی بەریتانیا بەســەختی ئەو ناوچەیــان بۆردوومان کرد لــەدوای کەوتنی ســەرکردە شــێخ مەحمودی حەفیدەوە بوون، تەنانەت دوای ئەو ســاڵە هەر لەو ئەشکەوتەوە ڕۆژنامەیەك دەرکراوە بەناوی (بانگی حەق)، سەرەڕای ئەوەش ئەشــکەوتی جاسنە شوێنی مانەوەی شــێخ مەحمود بووە. ئەو ئەشکەوتە دەکەوێتە ســەرووی گوندی جاســنەوە، بۆیە ئەو ناوەی لێنراوە، چونکە ئەشــکەوتەکە تەنیا (٣٠٠) مەترێــك لەگونــدەوە دوورە، بەرزایی ئەشــکەوتی جاســنە (٧) مەترە و هەروەها ژێرەوەکەشــی نزیکــەی (٢,٥) دوو مەتر و نیو دەبێ، لەژوورەوەش لەدوو بەش پێکهاتووە، بەشی پێشــەوەی لە ژوورێك پێکدێ و بەشی دواوەشی بچووکترە لەوەی پێشەوە.



# تەون و دەست ڕەنگینی ئافرەتانی کورد

تەون یەکێکە لەو ئامێرە بەســوود و کۆنانەی لەژیانی کوردا هەبووە و وەك ئامێرێك بۆ دروســتکردنی مافوور و ڕەشــماڵ و بەڕە و تێرکە. ســەرەتا قۆناغی داوچەندن هەیە و ئەمەش لەســەرەتادا دادەنرا کە داوی بــەن یان قوماش دەهێنرێ و لەتەون دەخســترێ، دارێك هەیــە کاری ئەوەیە بۆ جیاکردنەوەی دوو بەشــی داوەکانە، بەرێك هەیە واتە نزیکەی زیاتر لەمەترێك و نیو، دارگورد هەیە کە داوەکانی تێدەخرا و قەمیشــێکیش هەیە کە بۆ تێهەڵکێشانی داوەکانە، سمتەك بریتییە لەو دوو دارەی کە بەرامبەر دادەنرێ و هەروەها دارێکی درێژیش هەیە پێیدەڵێن بنەتان، هەمان شــێوە هەیە لەســەرەوەیە پێدەڵێن سەرەتان، هەروەها پیشــك بریتییە لەدەستکە تەون بۆ کوتان و پانکردنەوەی داوەکان، لەکاتی کاری تەوندا چەقۆ یان شتێکی تیژ بەکاردەهێنرێ و دوو جۆرە ڕســتن و چنین هەیە، یەکێکیان لەبەن دروســت دەکرێ و کە ئەوە شــێوە کۆنەکەیەتی، هەروەها ڕێگەی دووەمیش لەقوماش بوو. نەخش کردن هەیە و بەژماردنی داوەکان دادەنرێ و واتە شــێوەیەکی بازنەیی یان هەر شــێوەیەك کە بیانەوێ. بەنەکە بازنەیی جا هەر چەندێك بێ دیاری دەکەین و لەکۆتایی بەســتێك دەمێنێ تا بمینێتەوە، بەڵام پێشتر دەبەســترا و سەرەتا لەدارەکە دەبەسترا و تاوەکو مەترێك تەواو دەبێ و پاشــان ئەو مەترەیان دەهێشــتتەوە و تاوەکو لەیەکتر تێکەڵ بێ وەك ئەوەی مافوورێکی تەواوی لێدەربچێ، تەون بۆ دروســتکردنی: ڕەشــماڵ بەمووی بزن دەکرێ، مافوور بەبەن و خووری، جواریش دەکرێ لەشــێوەی گووش وایە و نزیکەی دوو مەتر دەبێ بۆ هەڵگرتنی دەغڵ و دان، تێرکەش لەتەون دروســت دەکرێ کە دەخرێتە سەر پشتی وڵاغ و هەروەها بەڕەشی لێ دروست دەکــرێ کە وەك شــێوەی جاجم وایە و زۆر گەرمە بۆ وەرزی زســتان، دوو جۆرە شێوەی تەون هەیە یەکێکیان بەستوونی دادەنرێ و ئەوەی دیکەش لەســەر زەوی ئەو جۆرەی دووەم زۆر کەمە و بەکارهێنانی کەمە.



# تەشی کەرەستەیەکی کوردەواری کۆنە



**رەوەند بەختیار**

پیشەســازی دەستی ڕســتن و چنین بەچەندین شــێواز و جۆر دەرکەوتووە و تا ئێســتا بەردەوامی هەیە، ڕســتن و چنین بەتەشــی و ڕستنی خوری مەڕ بۆ بەن و داو سادەترین شێوەی ئەو پیشەسازیە دەستکردەن، تەشی وەك ئامێرێکی دارین بەکاردێت کە لەدوو پارچە تەختەی لوول پێکهاتووە یەکێکیان درێژوو لوولە، ئەوەی تریشیان پان و کورتەو لەسەریەوە پارچە کانزایەك پێوەی بەستراوە بۆ هەڵواسینی ئەو خورییەی دەبێتە بەن و داو، بەکارهێنانی تەشــی، ســادەو ئاسان نییە، بەڵکو پێویســتی بەڕاهێنان و فێربوون هەیە، لەکۆنــدا زۆبەی ژنان بەکارهێنانی تەشــیان دەزانی و هەر کاتێك دەستیان بەتاڵ بوایە ئەوە هەندێ خوریان لەدەستیان دەگرت و بەتەشیەکەوە دیان کرد بەداو بەن دواتر بۆ دروســتکردنی چنین پێداویســتی بەکاریان دەهێنا وەك دۆخین و لیفکە و گۆرەوی و دەســتکێش و چەندین شتی تر، هەندێ جاریش ئەوانەی خولیای ئەو کارەبوون تەشیاکانیان بەچەندین شــێوە و ڕەنــگ دەڕازاندەوە و نەخش و وێنەیان لەسەری دەنەخشاند.

# تابلۆ لەمیوە و سەوزە



زۆر ڕێگە هەیە بۆ ڕازاندنەوەی ئەو خواردن و میوەیەی کە ئەتەوێ پێشکەشی بکەیت، ڕەنگە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا کات بایی ئەوەندە نەبێت بیر لەدیزاین و شێوازی ڕازاندنەوەی خواردن و میوەکان بکەیتەوە، بەڵام لەوە دڵنیابە ڕازاندنەوە و نەخشاندنی میوەوە و خواردنەکان ڕێگایەکن بۆ بەتامکردنی خواردنەکان، مرۆڤ گەر کات و ئارەزووی هەبێت دەتوانێت لەمیوە و سەوزە جوانترین وێنەو نەخش دروست بکات، چونکە



هەموو ڕەنگەکانی تێدایە، ئەوەی دەیبینین لەیەکێك لەوێنەکان دروستکردنی سەر و دەم و چاوێکە لەسەوزەو میوە ڕەنگە لامان ئاسان نەبێت، بەڵام کە کاتمان هەبێت ئەوە دروستکردنی و بەوردی سەیری بکەین زۆر ئاسانە، ئەوەی تریشیان وێنەی دارێکە لەگەڵ ژێرەکەی کە زۆر بەسادەیی و لەمیوەی ناسراو دروست کراوە، بەڵام جوانیەکی تایبەتی هەیەی کە سەیری دەکەی.



## تاتۆ لەجێگەی جلوبەرگ

تاتۆ ئەمڕۆ بۆتە بابەتێکی گرنگ لەلای گەنجان و کچان لەسەرتاپای جیهان، هەر یەکە بەپێی نەریت و شوێن و کۆمەڵگەی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و لەسەر جەستەی دەدات، بەڵام هەندێك لەتاتۆ شێوەیەکی جوان و سەیر لەخۆ دەگرێ، ئەویش کاتێك تاتۆ جێگەی جل دەگرێتەوە و دەبێتە جلێك لەسەر جەستەی مرۆڤ، ئەو خانمە زۆربەی جەستەی تاتۆ کردووە، وەك ئەوە دەردەکەوێ کە کراسێکی لەبەر بێ، بەڵام لەڕاستیدا هەمووی تاتۆیە و لەسەر شانەوە تاوەکو سەر ڕانەکانی هاتووە، واتە ئەو کچە جلی لەبەر نییە و تەنیا تاتۆیە لەسەر جەستەی، لەدوورەوەش وەك جلێك وایە، ئەو جۆرە تاتۆیە ئێستا خواست و داوای زۆری لەسەرە بەتایبەت لەوڵاتانی بەرازیل و بۆلیڤیا و کەنەدا، ڕەنگە ببێتە مۆدیەکی جیهانی و سەرتاپای جیهان بگرێتەوە.



## (٣) شووتی بەسەر هەڵدەگرێ!

کۆمەڵێك نمایش و پیشاندان هەن هەندێ جار کە لەلایەن یاریزانان یان هونەرمەند و تەڕدەستەکانەوە دەیانبینین وا هەست ئەکەین گشت مرۆڤەکان ناتوانن ئەو کارانە ئەنجامبدەن و ڕەنگە لەخەیاڵمان بەئەستەمی ببینین ڕەنگە کە یاریزانێك ئەبینین تۆپێك لەسەریەوە ڕائەگرێت و نمایشی پێئەکات تووشی سەرسوڕمان بین، بەڵام ئەوەتا وەك لەوێنەکەدا دیارە ئەم شوتی فرۆشە چۆن توانیویەتی سێ شووتی خڕ لەسەر سەریەوە ڕابگرێت و بوەستێت ئەوەی دواوەشی هەوڵیداوە وەك ئەو بکات، بەڵام ئەو لەدوو زیاتری بۆ نەکراوە ڕەنگە بەجارێك نەتوانین ئەم کارانە ئەنجام بدەین کە ئارەزوومانە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە ناتوانین ڕەنگە پاش چەندین جار بەربوونەوەی شووتی ئینجا ئەو شووتی فرۆشە توانیبێتی ئەو کارە ئەنجام بات، گرنگ ئەوەیە بتوانین بگەین بەوە ئامانجەی ئەمانەوێ.



## جلێک لەسەوزە!

بیرۆکەی جوان لەهەر کارێکی جوان و سەیرەوە دەست پێدەکات، تەنانەت دەبێتە بەرهەمێك گە جێگەی بایەخ و گرنگی بێ، وەك دروستکردنی کەرەستە و کەلوپەل لەجۆرێکی دیکە شێوە دروست کردنە ئاساییەکەی خۆیەوە، مەبەست لەوەشدا وەك دروستکردنی جلوبەرگ لەسەوزەو میوە! ئەمە دەبێتەە بیرۆکەیەکی سەیر کاتێك وا بیر بکەیتەوە کە چۆن جلوبەرگ لەسەوزەوە دروست بکرێ، بەڵام ئەوەش شتێکی ئاساییە لەلای دیزاینەرێکی جلوبەرگی بەناوبانگی وڵاتی پورتۆگال بەناوی (سافیۆ باولیتا)یە کە هەڵساوە بەدروستکردنی جلێکی ئافرەتان لەسەوزە، ئەمەش بەهۆی لێکدانی چەندین سەوزەوە و لەکۆتاییشدا جلێکی جوانی لێ دروستکردووە.



# ئایس کریمی شێوە گوڵ

کاری جوان لەبیرۆکەی جوانەوە دەردەکەوێ و دەبێتە یەکێك لەسەیرترین و جوانترین بەرهەمەکان، بەجۆرێك لەبەرچاوی گشت کەسێك خۆش و جوان دەبێ، بێگومان لەو وەرزە گەرمە ئایس کرێم و مۆتا و ساردەمەنی خۆش دەبێ و هەموو کەسێك حەزی پێدەکات، لەولاشەوە گوڵ خۆشەویستی هەموانە و جوانترین بەرهەمی سرووشتە، چی دەبێ ئەگەر ئایس کرێم لەسەر شێوەی گوڵ بێ، وەك لەم وێنەیەدا دەبینن سوود لەهەردووکیان وەرگیراوە تاوەکو ئایس کرێمێکی خۆش و جوانی لێدەربچێ.





# یاری پیت ریزکردن

**هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی ناوی ئامێریکی میوزیکی کوردیت بۆ دەربچێ.**

م ڵ ا ش ش

**وەڵامی ژمارەی پێشوو : جاسنە**




**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

کەسێکی نزیکت گلەییت لێدەکات بەوەی هیچ هەواڵی ناپرسیت و ئەوت لەبیر کردووە، بەهەمان شێوە هاوڕێکانت پێیان سەیرە کە چۆن بەماوەیەکی کەم گۆڕانکاریت بەسەر هات، بۆیان ڕوون بکەوە کە ئەوانت لەبیر نەکردووە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

نهێنیەکانی هاوڕێکەت لای کەس باس مەکە، چەند کەسێك دەیانەوێت پلانێك دژی هاوڕێکەت دابنێن و داوات لێدەکەن کە نهێنیەکانی بۆ باس بکەیت، چیتر هیچ قسەیەکی گرنگ لای ئەو کەسانە باس مەکە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ئەگەر ناتوانیت بەرگەی دووری خۆشەویستەکەت بگریت ئەوا باشترین شت ئەوەیە ژیانی هاوسەری پێك بهێنن، ئەم هەفتەیە زۆر ماندوو دەبیت بەهۆی سەرقاڵ بوونت بەچەند کارێکی گرنگەوە.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

بڕوا بەو قسانە مەکە کە دژی کەسی بەرامبەر دەکرێن و دوورن لەڕاستی، دەبێت زیاتر هەوڵ بدەی بۆ گەیشتن بەو شتەی ماوەیەکە خەونی پێوە دەبینی. چاوەڕوانی هەواڵێکی خۆش بە لەناوەڕاستی ئەم هەفتەیەدا.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

ئەو بێدەنگیەی ئێستا پەیڕەوی دەکەی کەسی بەرامبەری خستۆتە بارێکی سەختی بیرکردنەوە، هەر قسەیەکت هەیە لێی مەشارەوە ڕاشکاوانە پێی بڵێ پێش ئەوەی لەدەستی بدەی.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

دیاریەکی بەنرخت پێشکەش دەکرێت لەلایەن خۆشەویستەکەتەوە، هەر ئەمەش دەبێتە سەرەتایەك بۆ دووبارە بەهێزبوونی پێوەندی سۆزداریتان، دوای ئەوەی کۆتایی بە گرفتی نێوانتان هات.

## بۆ زاخاوی مێشک

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (خانزاد) بوو**



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..


☐☐☐☐☐

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**


- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بەمانای (شتێکە هەموو مرۆڤ هەیەتی کاری خوێن هێنان و بردن دەکات)
- پیتی خانەکانی (١+٥) کۆ بکەیتەوە بەمانای (دوو جاران بەپێنج چەند دەکات)
- پیتی خانەکانی (١+٣) کۆبکەیتەوە بەمانای (خواردنەوەیەکی کوردەوارییە بەمەشکە ئامادە دەکرێ)
- پیتی خانەکانی (٢+٥+٤)کۆ بکەیتەوە بەمانای (چی بەناو دەستی مرۆڤ دەڵێن)

## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢



لەئێستـــاوە هەوڵ بدە بەشێوەیەك وەڵامی کەسی بەرامبەر بدەیتەوە کە بڕوات پێ بکات و لێت زیـــز نەبێت بەهۆی ئەوەی ماوەیەکە وا هەســـت ئەکات لەبیرت کردووە و چەند پرسیارێکت ئاراستە ئەکات.

## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١



بەرپرســـیاریەتیت زیاتر دەبێت، ناکرێت وەك جـــاران بە ئاســـانی هەموو شـــتێك لەبەرژەوەنـــدی تۆ دا بێت، هەرچەندە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی بڕوات بە تواناکانت زیاتر بێت و دەستکەوتی زیاتر بەدەست بێنیت.

## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١



ئەم ماوەیە هەســـت بە بێزاری دەکەی، بەڵام بـــۆ کاتێکی کەم و کۆتایـــی پێدێت، ئەگەر کەســـانی خاوەنی ئەم بورجە ئارەزوویان لە پێوەنـــدی ســـۆزداریە، ئەوا ئـــەو پێوەندیە لەڕێگادایە.

## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩




گوێ لە قسەی بەرامبەرەکەت بگرە و واهەســـت مەکە هەموو کاتێك قسەی خۆت ڕاســـتە، ئەوکات بەشـــێوەیەکی زانســـتی بەراوردیان بکە و بۆت دەرئەکەوێت کە بیروبۆچونی ئەو زۆر گرنگە.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



ئەوەنـــدە بـــەو شـــێوەیە بیـــر لـــە خۆشەویســـتەکەت مەکەوە، لەکاتێکدا ئەو هیچ تاوانێکی نییە تا دڵی بشـــکێنیت، دەستخۆشـــیت لێدەکرێت بەهۆی سەرکەوتنت لە پڕۆژەیەکی نوێدا.


## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



دەبێـــت زیاتر بەهێز بیت و ئەو بڕیارانە کاریگەریت لەسەر دروست نەکەن، ئەمە یارمەتیت ئەدات لەداهاتوو ئەو شکستانە دووبارە نەبنەوە و ئەو کاتە دەستخۆشیت ئاراستە ئەکرێت.

## نوکتە

- منداڵێـــک زوو زوو دەچێتـــە دوکانێک و لە کابـــرای دوکاندار دەپرســـێ: خاڵـــە مەنجەڵتان هەیە؟» کابراش هەموو جارێک دەڵێ: «نا، بابە گیان نیمانە!» منداڵەکە لێ ناگەڕێ و بەتەواوی کابرا بێزار دەکات و هەموو ڕۆژ دێتەوە ســـەری! ڕۆژێـــک کابرا بـــۆ ئەوەی بزانـــێ منداڵەکە بۆ ئەو پرســـیارە دەکا، دەڵێ: «بەڵێ مەنجەڵمان هەیە!»
منداڵەکەش دەڵێ: «ئینجا چییە ئێمەش هەمانە!»







لەو وێنەیەدا، پشیلەیەك هەیە، زۆر بە جوانی سەرنج بدە و هەوڵبدە بیدۆزەرەوە!

## مانای خەون

**سـێو:** بینینی سێو لەخەودا مانای منداڵە هەروەها بۆ سوڵتان و پاشا ماڵ و موڵکیانە، بۆ تاجر تجارەتەکەیەتی بۆ جووتیاریش بەروبومی زەویەکەیەتی، ســـێوی شیرین ڕزقێکی حەڵاڵە ســـێوی ترش حەرامە وەرگرتنی سێو لەســـوڵتان زۆر باشە، ئەو کەسەی لە مزگەوت ســـێوێک بۆن بکات ئەوە کچێکی خانەدانی دەســـت دەکەوێت و دەی خوازێ.



سەرچاوە: خەوننامە !

## دیـوانـه شـیعر




مەلا صالحی زێوەیی (حەریق)ی شاعیر دەڵێ:

عشقی سەروی قەدت قومری سیفەت زاری ئەکا
ڕوگوڵی تۆ بولبولی دڵ فێری غەم خواری ئەکا
خۆت وەکو سوڵتان و چاوت حاکم و بڕۆت شمشێر
تیری موژگانت وەزیرە مەشقی خون خواری ئەکا
کەوتە نێوە زوڵماتی زوڵفت دڵی ئەسکەندەرم
خدری زیندە ماچی لێوت کێی دی ڕزگاری ئەکا
من بە میزانت تەبیعەت گەوهەر دەفرۆشم، دڵم!
وا لە شامی زوڵفی تۆدا کەسفی عەتاری ئەکا
مەی خەرە ژێر پێتۆ گەر حەز ئەکەی ژێر بێتەوە
دڵ کە منداڵە شەکەر خەندەی لەبت چاری ئەکا
مورغی دڵ بڕژا لەبەر قرچەی هەتاوی فیرقەتت
تاوەکو کەی داوی زوڵفەینت گرفتاری ئەکا
توتی دوکانی حوسنت بولبولی تەبعی منی
خستە نێو بەندی تەماع و فێری بازاری ئەکا
مەستی بادەی چاوی ئەوم و پێم دەڵێ مەستی مەیە
سەیرکەن بوختانی ناحەق چۆن بە لەب جاری ئەکا
بێرە مەیدانی فەصاحەی ئەسپی خۆت لمدە ((حەریق))
تا بزانم کێ بە (شیعر)ت سوحبەت و بازی ئەکا ؟!!

س: ئەستێرەکانی شیعری کلاسیك

## بەسەرهاتێکی سەیری تۆڵستۆی!



ڕۆژێک لیۆ تۆڵستۆی لە شەقامێکدا دەڕۆیشت، لەناکاو شانی بەر ژنێک کەوت، ژنەکە بەبێ وەستان دەستی کرد بە جنێودان و قسەی ناشرین.
لە دوای ماوەیەک کە باش تۆڵستۆی پڕ جنێو کرد، تۆڵستۆی کڵاوەکەی لەســـەری لابرد و زۆر بەڕێـــزەوە داوای لێبوردنی لەژنەکە کرد و لە کۆتاییدا وتی:
خانمەکەم من لیۆ تۆڵستۆی-م (نووسەری بەناوبانگ و سیاسی ڕوسی).
ژنەکە زۆر شەرمەزار بوو، داوای لێبوردنی کردو وتی: باشە بۆچی زوتر خۆتت پێ نەناساندم؟
تۆڵســـتۆی لە وەڵامدا وتی: بەڕێزت وا چوویتە ناو قوڵایی خۆ ناســـاندنی خۆت، هیچ ڕێگات بە من نەدا من خۆم بناسێنم!